www.regayrasty.com

سورة الجمعة - **سورەتی ژمارە 62 - ژمارەی ئایەتەکانی 11**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )**

1. يُسَبِّحُ لِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ الْعَزِيزِ الْحَكِيمِ : **هەرچی لە ئاسمان و زەوی دا هەیە تەسبیحات و ستایشی خوا دەکەن , ئەو خوایە کە پاشا و شاهی شاهانە , چاک و بێگەردە و بالادەستە و دانایە .**
2. هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ : **هەر ئەو زاتەیە لە ناو خەڵکیکی نەخوێندەواردا پێغەمبەرێکی لە خۆیان بۆ ڕەوانە کردن , ئایەتەکانی قورئانەکەی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە , وە دڵ و دەروون و ڕەواڵەت و ئاشکرا و نادیاریان چوخت دەکات , فێری قورئان و دانای و شەریعەتیان دەکات , هەرچەندە ئەوانە پێشتر لە گومرای و سەرلێشێواویەکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو .**
3. وَآخَرِينَ مِنْهُمْ لَمَّا يَلْحَقُوا بِهِمْ وَهُوَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ : **لە ئایندەدا ( خەڵکی تر دێن و مسوڵمان دەبن لە گەل و میللەتانی تر ) و پەیوەست دەبن بەمانەوە , بێ گومان ئەو زاتە بالادەست و دانا و کار دروستە .**
4. ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ : **ئەمە ڕێز و بەهرەیەکی خوایە دەیبەخشێت بەو کەسەی کە خۆی ئارەزوو بکات و شایستە بێت , بێ گومان خوا خاوەنی بەخشش و بەهرەی گەورە و بێ سنورە .**
5. مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا بِئْسَ مَثَلُ الْقَوْمِ الَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِ اللَّهِ وَاللَّهُ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ : **نمونەی ئەوانەی کە تەوراتیان بۆ نێردرا بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکەن کەچی پەیڕەویان نەکرد , وەک گوێ درێژێک وان کە بارە کتێبێکی هەڵگرتبێت , ئای کە چەندە ناشیرینە نمونەی ئەوانەی کە ئایەتەکانی خوا بەدرۆ ئەخەنەوە , بێ گومان خوا هیدایەت و ڕێنموی ستەمکاران ناکات .**
6. قُلْ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ هَادُوا إِن زَعَمْتُمْ أَنَّكُمْ أَوْلِيَاءُ لِلَّهِ مِن دُونِ النَّاسِ فَتَمَنَّوُا الْمَوْتَ إِن

كُنتُمْ صَادِقِينَ : ) ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) پێیان بڵێ : ئەی ئەوانەی
لەسەر دینی جولەکەن ئەگەر ئێوە باوەڕتان وایە لایەنگیری خوان , کەواتە داوای
مردن بکەن وئاواتی مەرگ بخوازن , ( تا لە ژیانی پڕ مەینەتی دنیا ڕزگارتان ببێت
و بە بەهەشتی خوای پەوەردگار شاد ببن ) .

7. وَلَا يَتَمَنَّوْنَهُ أَبَدًا بِمَا قَدَّمَتْ أَيْدِيهِمْ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالظَّالِمِينَ :ئەوانە هەرگیزا و هەرگیز
ئاواتی وا ناخوازن و مردن داوا ناکەن , چونکە خۆیان دەزانن چیان دەستپێشکەری
کردوە , خوایش زۆر زانایە بەکار و کردەوەی ستەمکاران .

8. قُلْ إِنَّ الْمَوْتَ الَّذِي تَفِرُّونَ مِنْهُ فَإِنَّهُ مُلَاقِيكُمْ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ
فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ :پێیان بڵێ ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بەڕاستی
ئەو مردنەی کە ڕادەکەن لە دەستی هەر یەخەتان پێ دەگرێت , لەوەو دواش
دەگەڕێنرێنەوە بۆ لای ئەو زاتەی کە زانایە بە نهێنی و ئاشکرا ,. ئەوسا لە هەواڵ و
دەرئەنجامی کار و کردەوەکانتان ئاگادارتان دەکاتەوە .

9. يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا
الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ :ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە کاتێ کە
بانگ درا بۆ نوێژ لە ڕۆژی هەینی دا ئێوە بە پەلە بچن بە دەنگ بانگەواز و یادی
خواوە و واز لە کڕین و فرۆشتن بهێنن , ئەو کارەتان چاکترە بۆتان ئەگەر بزانن و
تێبگەن .

10. فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِن فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ
كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ :هەر کاتێک نوێژ تەواو بوو بلاوببنەوە بە زەویدا و بەتەمای
بەخششی خوا هەوڵ و کۆشش بدەن , یادی خوا زۆر بکەن ( لە هەموو کاتێک دا )
ناوی ئەو زاتە لەسەر زار و ناو دڵتان بێت ( لە هەموو چالاکیەکانی ڕۆژانەتاندا )
بەڵکو سەرفرازی بەدەست بهێنن .

11. وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا قُلْ مَا عِندَ اللَّهِ خَيْرٌ مِّنَ
اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ وَاللَّهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ (پاشان خوای گەورە گلەی لە زۆربەی
مسوڵمانان دەکات ئەوانەی کە قافڵەی بازرگانیان دی و دەور و بەری پێغەمبەر (
صلى الله عليه وسلم ) یان چۆڵ کرد ) : کاتێک کە بازرگانی یان گەمەییەکیان بینی
هەموو هەستان و دەوری تۆیان چۆڵ کرد , تۆیان بە پێوە بەجێ هێشت ( لە کاتێک
دا کە ووتاری هەینیت پێشکەش دجەکردن ) پێیان بڵێ : ئەو پاداشت و بەشەی کە لای
خوایە بۆ ئیمانداران باشتر و چاکترە لە یاری و گەمە و بازرگانی خوایش چاکترین

**ڕۆژی بەخشە .**